# ئافەرین کردنی زەردەشت



ئازاد کەریمی

زەردەشت ئەی مەزداپەرستی بەرز و پاک

گەورە ئامۆژگاری کردەی جوان وچاک

پاک وپیرۆز، نووری "ئاشۆ"ی ئاسیمان

تۆی نەوەی لایەق لە توخمی "ئاسپیمان"

وا لە چاوت تیشکی ڕوون دەکرێ بەدی

دوور لە تۆیە بیری ناپاکی و بەدی

هەر ئەتۆی ژێدەر لە بۆ شەوق و وەفا

کوژتەیی زوڵم و زیان، جەور و جەفا
پیری زانای ئاشتیخوازی مێهرەبان!
ئافەرین بێژی فریشتەی "سوورەوان"
گەوهەری هزرت لە "گاتا" دیار دەکات
شەربەتی گفتت بە واتا کار دەکات
ئەی پزیشکی زام و دە ردی ناخ و دڵ
ئەی پریشکی ئاگری بێ باک وسڵ
بۆ نەخۆشان تۆ شفای دەردی گران
بۆ پەرۆشان سەروە ری سەودا سەران
ئەی زەرادەشت بەرزی تۆ وەک شاخ وداخ
داڵدە بووی بۆ ئاگری سووری وەجاخ
هزروگفت و کردە وەی پاراو وباش
تۆ دەکەی ڕوخساری "هووران" ڕوون و فاش
وا بە کردەت سووری گەردوون هاج و واج
تۆ شەهەنشای ئەم دڵەیت بەس بێ خەراج
ئەی پەیامهێن! ئەی سەرۆکی دینی پاک
شایەتی تۆن ئاو وئاگر ،با و خاک...
هەردی "سوریاش" خۆرهەڵاتە و زێدی تۆ
عەرزی "سورداش" خۆرنشینە و شێتی تۆ
خوێنی پاکت خوێنی سووری "مەزموغان"
ئەسڵ و نەسڵت بەرزو پیرۆز"ماه نیشان"
ئەی زەرادەشت پیری زانا و بە رزوچاک
شەوقی مێژووی بێ ڕەقیب وبەرز و تاک
کاتێ "زوڕوان" خاوەنی مەرگ و ژیان

"ئەنگەرە"ی دا دەست "سپینتا"ی مێهرەبان

هێزی "ماینده"، شەڕەنگێز یان بە پێز

وان لە داوی تیشکی "ئاڤێستا"ی بەڕێز

"گۆلی خەسرۆ"، "گۆلی چیچەست"،شاری "شیز"

واری "ئورمێ" و "ئەورەمان"،هەرتک بەڕیز

کاش وکاشپی،گوتی،هووری و ماتینی

میری " لۆلۆ" خواجە "ئانوبانینی"

هیتی،شوباری، ئۆرارتو و هاتی یان

نایری، مەهری، ماد و مە ننای قارەمان

خەسرەوان،بەغان و میران و کەیان

ماگپوتان و ڤیسپوتان،ئاگرپوتان

دینی" مەهرۆ" و بەگ ئۆدان و دێوەدان

"ئانەهیت" و حەوتەوانەی هەگمەتان

حەوت و چوار ودووان هەموو هاتن لە یەک

مانگ و ئەستێرە و هەسارەی ڕۆژ لە تەک

ئاترۆپاتێن، ئادیبابێن، کۆردۆئێن

ئاریئارمێن، مادۆئێن و خۆسرۆئێن

شا هۆوهخشا، شادیاکۆ، تاتە شا

شا ئەرانزۆ،ئەژدیهاک شا،ڕادە شا

کوردستان "باخی ئە دە ن" لە خاکی هوور

وا لە ئاسۆدا دەنەخشێ ڕە نگی سوور

یادگاری بیری پاک و بە رزی تۆن

فەخرو شانازی وڵاتن هەرلە کۆن

پاک و نێردەی، مەردی مەردانی ئەتۆ

خۆشەویستی و فەڕی یەزدانیی لە تۆ

ڕۆحی تۆیە چاوە دێری کوردستان

زێدی تۆیە چاوە نۆری "سووشییان"

ناوی بەرزت یادگارە و تاجی سەر

خاک و مەزرات پایەدارە و ناخی بەر

ئەی ئەهوورا خاوەنی تەخت و زەمان

سەرفەراز کە خاک و خەڵک و نیشتمان

٢٠١٤/٠٤/٠٩ هەولێر

https://www.qelam.com/index.php?option=com_content&view=article&id=1067:2017-03-26-11-11-54&catid=88&Itemid=473